
# چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ "ئەمیری حەسەنپور"[١]

## سەبارەت بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان



وەرگێڕانی: زەردەشت نورەدین

[١]. ئەم گفتوگۆیە هی پێش سێ ساڵە و هێنانەوەی بۆ ئەم کۆنتێکستە سیاسییەی کوردستان لەئێستادا جێی بایەخە، بەتایبەت بۆ بزاڤی چەپ-و

**هاوڕێ ئەمیر، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ <<دەنگی ئەمریکادا>> ئەنجامیداوە، ئەو ئەرگومێنتەی پێشکەشکردووە کە ڕژێمی حکومەتی عێراقی بەفیعلی هەڵوەشاوەتەوە و کوردەکانیش هۆکاری ئەم هەڵوەشاندنەوە نەبوون. ئەو ئەوەشی وت، تەنانەت ئەو کاتانەی کە بەعسییەکان کیمیاییان بەسەر کورداندا دەڕشت، ئێمە باسی جیابوونەوەمان نەکرد. بەڵام ئێستا ئەوانیتر بارودۆخێکیان خوڵقاندووە کە ئیدی وڵات بە فەرمی هەڵوەشاوەتەوە. لەم هەلومەرجەدا کوردەکان مافی خۆیانە بۆ ئەوەی خاکی باوباپیرانیان بپارێزن و هەروەها کوردستان ببێتە پێگەیەک بۆ هاوکاریکردنی برا عێراقییەکانیان، کەواتە بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، عێراق بخەنە ڕاپرسییەوە. ڕوانگە و هەڵویستی تۆ لەبارەی ئەم بارودۆخە و هەروەها ئەم جۆرە سیاسەتکردنە چییە؟**

ئەوەی کە کوردەکان نەتەوەیەکی چەوساوەبوون هەم لە عێراق و هەم لە وڵاتەکانی تری ناوچەکەدا، شتێکی ڕوون و بەڵگەنەویستە. زۆربەی خەڵکی کورد ئارەزوویان ئەوە بووە کە وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێت، و لەمەشدا هیچ گومانێک نییە کە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی چەوساوە مافی چارەی خۆنوسینی هەیە. پێش گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە(داگیرکردنی بەشێک لە خاکی عێراق لەلایەن داعشەوە) مەسعود بارزانی چەندجارێک پرسی سەربەخۆیی خستبووە بەرباس، بەبێ ئەوەی بتوانێت یان بیەوێت هەنگاوێک بە ئاراستەی عەمەلیکردنیدا بنێت. بەڵام ئێستا بارودۆخێک هاتۆتەپێش کە عێراق بەهۆی داعش، هێزە عەشایەرەکان و سوپای ئیسلامی موقتەدا سەدر، و هەروەها کاریگەریی سیاسەتەکانی حکومەتی مالیکی بەفیعلی هەڵوەشاوەتەوە. <<حکومەتی هەرێمی کوردستان>> لە ساڵی ١٩٩١ـەوە بەهۆی شەڕی یەکەمی ئەمریکا لە دژی عێراق، وردە وردە دروستبوو و لە ئەنجامی شەڕی دووەمی ئەمریکا لە ٢٠٠٣ـەوە وەک ئەمڕۆی لێهاتووە و ئێستا بەهۆی شەڕی داعشەوە هەلومەرجی عەمەلیکردنی سەربەخۆیی کوردستان فەراهەم بووە. لەڕاستیدا <<حکومەتی هەرێمی کوردستان>> تا ئێستا بەفیعلی نیمچەسەربەخۆ بووە و ڕیفراندۆم و هەنگاوەکانی پاش ئەوە مافی چارەی خۆنوسین بە شێوەیەکی فەرمی جێگیر دەکات. دەبێت ئەوەش بڵێم لەم بیست ساڵەی دواییدا هەنێک لە وڵاتە تازەکان بەگوێرەی پێوەرەکانی مافی نێودەوڵەتی، هاوشێوەی مافی چارەی خۆنوسین درووستبوون، بۆ نمونە سۆدانی باشور یان تەیموری خۆرهەڵات و یان کەمێک پێش ئەوانە

بەهۆی هەڵوەشانەوەی یۆگسلافیا و سۆڤیەتەوە درووستبوون. بەڵام سەربەخۆیی کوردستان، ئەگەر ئەنجام بدرێت، لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا جێبەجێ دەکرێت. بارودۆخێک کە لە کوردستانی عێراقدا ئامادەیە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد لەمێژە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە نوێنەری ناسیۆنالیزمی بەدەسەڵات گەیشتووە کە پەرلەمان (دەسەڵاتی یاسادانان) و دەسەڵاتی جێبەجێکاری(کابینە، دامودەزگای فەرمی، سوپا یان هێزی پێشمەرگە، پۆلیس، ئاژانسی پاراستن، زیندان) و دەسەڵاتی داوەرییە، ئەگەرچی مەودای بژاردەکانی وەک پارێزگاکانی کەنەدا یان ویلایەتەکانی ئەمریکا نییە. بەڵام بەو پێیەی کە حکومەتی ناوەندیی عێراق دەسالاتێکی وەهای نییە <<حکومەتی هەرێمی کوردستان>> دۆخێکی هاوشێوەی سەربەخۆیی هەبووە و ناتەبابوونی ئەمریکا و ئێران و تورکیا لەگەڵ سەربەخۆیی یەکێک لە هۆکارە عەمەلییەکانی جێبەجێ نەبوونی ئەم پرۆژە بووە و ڕەنگە ئەم دۆخە بگۆڕێت. ئەمە ڕاستە کە ئێستا ئەمریکا نەیاری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە، بەڵام پرسی سەرەکیی ئەمریکا ئەوە نییە کە دەوڵەتی کوردی درووست نەبێت. کێشەی ئەمریکا دڵنیابوونێتی لە هەژموون و کاریگەریی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە هەموو ناوچەکەدا، بۆ نمونە ناوچەکە چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت کە بەرژوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وەک ئیسرایل بپارێزرێت. ئەوەش ڕوونە ئەگەر ئەمریکا نەیاری سەربەخۆیی بێت ئەوا سەرکردەکانی کورد ملکەچی دەبن.

**ئێوە دەڵێن کوردستانی عێراق وەک "دیفاکتۆ" سەربەخۆ بووە. بەڵام هەندێک لە هێزە سیاسییەکان دەڵێن ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت، لە ناوچەیەکدا کە لە هەموو لایەکەوە هێزە کۆنەپارێزەکان دەردەکەون ئەوا دەتوانێت بنکەیەک بۆ حکومەتی سێکولاری نائاینی. واتە حکومەتێک کە باوکسالاری و فیودالّی و هتد ... تێیدا لەکار دەکەوێت و ئیدی جەنگی ئاینی و تایفی و قەومی کە لە شوێنەکانی تری عێراقدا هەیە بوونی نامێنێت. ئەم وێنایە تا چ ڕادەیەک واقعییە؟**

ئەمە زیاتر لە خەون و خەیاڵ دەچێت تا لە واقیع. ئەزموونی بیستوسێ ساڵی ڕابردووی <<حکومەتی هەرێمی کوردستان>> واقیعێکی تری دەرخستووە. ئەوە ڕاستە کە بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام بۆ ماوەیەک لە ستەمی نەتەوەیی لە هەرێمدا ڕزگارییان بوو و زۆرێک لە ئەزموونی دامودەزگای فەرمی و سەبازی و دادوەری بە زمانی کوردی خۆشحاڵ بوون بەڵام ئەم دڵخۆشییە ئەوەندەی نەخایاند و زانییان چینێکی نوێی سەرمایەداری کورد بە زمانی کوردی خەڵک دەچەوسێننەوە. بەڵام ئەگەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی تا ڕادەیەکی زۆر لە هەرێمدا نەمابێت ئەوا چەوساندنەوەی ئیمپریالیزمانەی ئەمریکا شوێنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی ڕژێمی

سەدامی گرتۆتەوە، ئەمجارەیان لەڕێگەی وابەستەبوونی تەواوی حکومەتی کوردی بە ئابووری و سیاسەتی ئەمریکاوە. لە سۆنگەی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردەوە بەتایبەتی ئەو زۆرینەی کە دەچەوسێنەوە و نیوەی کۆمەڵگا واتە ژنان. <<حکومەتی هەرێمی کوردستان>> و سەربەخۆیی فەرمییش ناتوانێت گۆڕانکارییەک بەسەر ئەم پەیوەندییانەدا بهێنێت. ئەو بانگەشەیەی کە کوردستانی سەربەخۆ ببێتە بنکەیەک بۆ سێکولاریزم و لەبەرامبەر تیۆکراسی(حکومەتی دینی) لە جۆری ئەفغانستان و ئێران و عێراقدا بوەستێتەوە زۆر ناڕاست و هەڵەیە. ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەی کە حکومەتی کوردییان بەڕێوەبردووە، واتە <<پارتی دیموکراتی کوردستان>> و <<یەکێتیی نیشتمانی کوردستان>> بە گەیشتنە دەسەڵاتی تیۆکراسی لە ئێران، وەک زۆربەی ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵیاندا زیاتر ڕەنگوبۆی ئاینی وەرگرن و زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی عێراق کە نائاینی بوون ڕوویان لە نوێژ و ڕۆژوو کرد. لە بنچینەوە سەرەڕای ئەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی پاش جەنگی دووەمی جیهانی ئاینی نەبووە، ڕۆشنبیران و سەرکردەکانی حیزبە کوردییەکان، سێکولاریزمیان تەنانەت لە ئاستێکی زۆر سنورداری وەک جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت نەخستۆتە بەرنامەی سیاسیی کاری خۆیانەوە و بەڕاستی زۆرێکیان لە گەڵ هێزە ئاینییەکاندا سازشیان کردووە. کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەمانەدا پڕ بووە لە مزگەوت و شارەکان بوون بە شاری منارەکان. ئەم حکومەتە بە پێی ئەو بارودۆخەی کە خوڵقاندوویەتی ناتوانێت هێزێکی سێکولار بێت. ئەوەی کە بتوانێت یارمەتیدەری خەڵکی عێراق بێت یان بتوانێت هێزێکی نوێخواز بێت لە ناوچەکەدا جێگەی گومانە، چونکە لە بیستوسێ ساڵی ڕابردوودا، خەڵکی کوردستانی بەرەو دین بردووە. ئەم حکومەتە سەرەڕای ناکۆکییەکانی ناو سەرکردەکانی، لە ناوچەکەدا هاوئاڕاستەی ئیسرایل و تورکیا و ئێران بووە و هیچ جۆرە پێوەرێکی نوێخوازی و ئازادیخوازی نە لە گوتار و نە لە کرداریدا نابینیم.

**وتتان حکومەتی کوردستانی عێراق هاوئاڕاستەی ئیسرایل و تورکیا بووە. بەڵام زۆرێک لە کوردان بە هیچ شێوەیەک ئەمە بە خراپ نازانن. باوەڕیان وایە ئیسرایلیش نەتەوەیەکی چەوساوەی خاوەن دەوڵەتە و لە ناویدا دیموکراسی لە ئارادایە. ڕاستە کە دینیش هەیە بەڵام وەک وڵاتەکانی تری ناوچەکە ستەمکارانە و تۆتالیتار نییە. دەڵێن هاوئاراستەبوون لەگەڵ ئێران و تورکیادا ئاساییە، لەبەر ئەوەی کوردستانی عێراق خۆی بە دەوڵەت دەزانێت و ئەوانیش دەوڵەتن و دەبێت هاوکاری یەکدی بن. ئەگەر لە ڕابردوودا کەسانێکی وەک ئێوە دەبوونە کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیست و کەیسی ئیسرایل(دژوەستان بەرامبەر ئیسرایل و کوشتاری فەلستینییەکان) نیشانەی نوێخوازی بوو، بەڵام ئێستا وا نییە. زۆرکەس هاوئاراستەبوون لەگەڵ ئیسرایلدا بە کێشە نازانێت. تەنانەت زۆرێک ئارەزوویان ئەوەیە کە هێزە جیهانییەکان وەک**

**چۆن ئیسرایلیان درووستکرد بە هەمان شێوە دەوڵەتێکی شێوەئیسرایل لە ناوچەکەدا درووست بکەن.**

ڕاستە. یەکێک لە ئارەزووەکانی کوردە ناسیۆنالیستەکان لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە وەک ئیسرایل بن، لەو بەرنامانەی کە هێزی ئیمپریالیستی هەیەتی سود ببینن و کوردستان وەک ئیسرایلی لێبێت. تەنانەت زۆر خراپتر لەمە هەندێ لە ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستە کوردەکان، پرۆژەی زایۆنیستیان وەک بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی نەتەوەیی ئایدیالیزەکردووە. هەندێ کەس، تیرۆریستێکی وەک "مناخم بگین" بە چاوی خەباتگێڕ و ئازادیخواز سەیردەکەن و بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاوبۆچوونەکانی نوسینەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاویان کردۆتەوە. لە کاتێکدا هەندێک لە یەهودییە پێشکەوتوخوازەکانی ناو ئیسرایل و دەرەوەی ئیسرایل، ڕژێمی زایۆنیستیان بە ڕژێمێکی ئاپارتاید و کۆلۆنیالیست ئەژمار دەکرد، زۆرێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکان ئەوە بە نمونەی دیموکراسی و ڕزگاریی نەتەوەیی تەماشادەکەن. من لە ئازادیخوازبوونی ئەمانە گومانم هەیە. ئەوان کە مامەڵەی ئیسرایل بەرامبەر بە فەلستین نابینن مامەڵەی وەک ڕەشەکوژیی ئیتنیکی و نەتەوەیی، تاوانی جەنگی، تاوان دژ بە مرۆڤایەتی، و ناڕەزایەتی بەرامبەری دەرنابڕن و نابنە هاوسۆزی خەڵکی فەلەستین و لەڕاستیدا حاشا لە ئەم تاوانانە دەکەن نەک هەر ئازادیخواز نین بەڵکو بەئاگاییەوە بێت یان بە نائاگایی، بیانەوێت یان نەیانەوێت یارمەتیدەری درێژەکێشانی ئەم تاوانانەن. ئەمە بەگشتی کۆتوبەندی هەموو بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکانە و بەتایبەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی، بەرژوەندی خۆی بە هاوئاراستە بوون و تەبابوون لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستەکاندا دەزانێت و بەڕاستیش وایە. وا لێکیدەداتەوە کە لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا کاربکات نەک دژی بێت. حکومەتی کوردستانی عێراق بووە بە برغو و سەمونەی ئەم سیستەمە و واشی دەوێت. ئارەزووی ئەوەیە هاوشێوەی ئیسرایل بێت. بەڵام ئەگەر هەموو پەیوەندییەکانی ناوچەکە لە پێشچاو بگرین و ئایدیای ئەوەی کە ئەم وڵاتە سەربەخۆ دەبێت(تەنانەت ئەگەر ڕیفراندۆم بکرێت و ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش) ئایدیایەکی هەڵەیە. لە هەموو ڕوویەکەوە هەموو جومگەکانی وابەستەی ڕژێمەکانی ناوچەکە و لە هەموان زیاتر وابەستەی ئێران و تورکیا و بێگومان وابەستەی ئیسرایلیش و هەروەها ئەمریکاش دەبێت؛ و زۆرتر وابەستەی ئەمریکا دەبێت تا یەکێتیی ئەوروپا.

ئێستاش هەروایە. لەم بیستوسێ ساڵەی تەمەنی <<حکومەتی هەرێمی کوردستان>>دا جگە لەمە هیچ نەبووە. ئابوورییەکی ناسەربەخۆی هەیە و تەنانەت ئاوی خواردنەوەی دبەشی لە تورکیا و ئێرانەوە بۆ دێت. بەروبوومی خۆراکیش لە ئێران و تورکیا و ئەمریکا هاوردە دەکرێت

و تەنانەت ڕانک و چۆخەش لە چین درووستدەکرێت. ئابووریی کشتووکاڵی کوردستان توانای دابینکردنی خۆراکی هەرێمی نییە. سەدام لە پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال گوندەکانی کوردستانی وێران کردبوو و حکومەت نەیتوانی دووبارە ئەم گوندانە ئاوەدان بکاتەوە بە جۆرێک کە لەسەر پێی خۆیان بوەستن و خۆژێن بن. یان هەناردەکردنی نەوت لە پێشچاو بگرن. حکومەتی کوردستان، بەبێ پشتبەستنی تەواوەتی بە تورکیا دەرفەتی هەناردەکردنی نەوتی نییە، بارودۆخی باشوری عێراق دیار نیە چیی بەسەر دێت، بەڵام ئەگەر کوردە ناسیۆنالیستەکان بیر لە سەربەخۆیش بکەنەوە ئەوا ناتوانن بەفیعلی جێبەجێی بکەن. ئەم حکومەتە لە سەرەتای درووستبوونیەوە تا ئێستا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە پاشکۆ بووە. سەربەخۆیی فەرمی ئەم پاشکۆبوونە دەکات بە فەرمی نەک ئەوەی هەڵیبوەشێنێتەوە.

**کەسانێکی زۆر هەن کە ئاماژە بە واقیعی <<حکومەتی هەرێمی کوردستان>>دەدەن. دەڵێن حکومەتێکی چەوسێنەرە؛ کوشتن بە هۆی شەرەف و ناموسەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زۆر بووە؛ ئیسلامگەرایی گەشەی کردووە؛ زانکۆکانی کوردستان تەنانەت کتێبخانەیەکی ڕێکوپێکیان نییە و خوێنەوارەکانی کوردستان کە لە شوێنە جیاوازەکانی دونیادا خوێندوویانە تاقەتیان نییە بێنەوە بۆ کوردستان؛ لەبەر ئەوەی ڕێگەیان نادەن ئەکتی ئازادیان هەبێت تاوەکو بتوانن زانست و زانین و ڕۆشنبیری لە نێوان خەڵکدا بڵاوبکەنەوە؛ کوردەکانی ئێران خەریکە لە کوردستانی عێراقدا دەچەوسێنرێنەوە، و چینایەتی لە نێوان کوردەکانی ئێران و عێراقدا درووستبووە؛ سەرەڕای ئەمانەش خەدەمە و کرێکارانی فلیپینی و بەنگلادشی و نیپاڵیش لە کوردستانی عێراقدا بەتوندی دەچەوسێنرێنەوە؛ نەک هەر کشتووکاڵ نەبووژاوەتەوە بەڵکو پیشەسازیی بنەڕەتی دانەمەزراوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە لەکاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە لە ئاگردا دەسوتێت ئێرە دەبێتە پەناگەیەک بۆ گەلی کورد و ئەوانەی تریش کە هانا بۆ ئێرە دەبەن. بارزانییش لە قسەکانیدا ئەو بۆچوونە دەخاتەروو کە عێراق گڕیگرتووە و ئێمە دەمانەوێ ئەم ژوورە لەم ئاگرە بپارێزین. واتە دواجار لایەنێکی ئەرێنیشی هەیە. ئایا ئەمە ڕاستە؟**

ئەگەر حکومەت پەیڕەو و پرۆگرامێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوایە دەیتوانی ئەم کارانە ئەنجامبدات، بەڵام نییەتی.

**بۆ نمونە لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، ڕوسیا نەیتوانی خۆی لە گڕی جەنگ بپارێزێت. هەم سەربەخۆ بوو هەم شۆڕشگێڕ بوو و هەم پیشەسازییشی هەبوو. بێگومان زورێکیان کوژران. لە**

**دۆخێکی لەم شێوەدا تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە بەهەر شێوەیەک بێت ژوورێک بە پارێزراوی بهێڵیتەوە؟**

لەم ئاگرەدا کە هەڵگیرساوە پاراستنی ژوورێک لە بڵێسەکانی ئەو ئاگرە بە حکومەتی کوردستان ناکرێت. بەر لە هەموو شتێک لەبەر چیەتی و ئاراستەی <<حکومەتی هەرێمی کوردستان>> ناتوانێت. ئەمانە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی تورکیا و ڕێکەوتنیان لەگەڵی جارێک لەگەڵ "**پ.ک.ک**"ەدا شەڕیان کرد و قەتڵوعامی "**پ.ک.ک**"یان کرد. هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی ناوچەکە بەشداریی ئەم بەرنامەیان کرد. بەم دواییانە هێزە کوردییەکانی سوریا لە ناوچەیەک لەو وڵاتەدا سەربەخۆی خۆیانیان ڕاگەیاند، <<حکومەتی هەرێم>> بەسەرکردایەتیی مەسعود بارزانی بڕیاریدا لەسەر سنوری عێراق و سوریا لەناوچە کوردییەکاندا خەندەق هەڵکەنێت و دوو پارچەکەی کوردستان لێک جیابکاتەوە. شەڕی ناوخۆی ساڵانی ١٩٩٠ی نێوان یەکێتی و پارتی کە بە **شەڕی براکوژی** بەناوبانگە نمونەیەکی ترە. پارتی هاوکاریی لە سوپای سەدام وەرگرت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکێتی. ئەو ئایدیایەی کە کوردەکان گەلێکی یەکگرتوون و هەموان لە پشتی یەکترین و لەناو کوردستاندا هەموان یارمەتی یەکدەدەن تا ئێستا پێچەوانەکەی ڕاست بووە. سەبارەت بەو هێزی کارانەی کە لە تورکیا و ئێرانەوە دێن و یان مامەڵەکردن لە گەڵ هێزە سیاسییە کوردەکاندا و هێز و ڕۆڵی ئەمانە نمونەیەکی ترە. نامەوێت بڵێم هیچ جۆرە پەیوەندییەکی تر بوونی نیە. هەندێ لە کوردانی تورکیا یان ئێران لەوێ ڕێستوران یان دوکان یان چالاکی ئابوورییان هەیە. بەڵام بەگشتی هێڵی سیاسی و ئایدۆلۆژیی حکومەتی کورد وەک هەموو حکومەتە ناسیۆنالیستەکانی تر وایە. بۆ نمونە هیندستان کە لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە سەربەخۆ بووە، ئەم نیمچەدوورگەیە بەزۆری کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزێکی ناسیۆنالیستییەوە. ئەم وڵاتە هێزی سەربازیی هەیە و تارادەیەکی زۆریش هێزی پیشەسازیی هەیە. زۆر ئیمکاناتی تری هەیە بەڵام هەژاری خواردوویەتی. لە هەر شوێنێکی تر زیاتر، لە هیندستان کۆیلایەتی هەیە. بارودۆخی ژنانیش دەزانین لە هنددا چۆنە. بەڕیوەبەری و حکومداریی هێزی ناسیۆنالیستی ئەوە دەرنجامەکانێتی. هێزێک کە بکرێت تاڕادەیەک لە گەڵ کوردستاندا بەراورد بکرێت بزووتنەوەی نەتەوەیی فەلەستینە. ئێستا بەشیک لەو بزوتنەوەی کە حکومەتی فەلەستینی(دەسەڵاتی فەلەستینی) بەدەستەوەیە بووە بە سەربازی دەوڵەتی ئیسرایل. بەشێکی تریشی ڕەوتی تیۆکراسی "حەماس"ە. ئەمانە تەنانەت ناتوانن یەک هەنگاو بە ئاراستەی ڕزگاریی گەلی فەلەستیندا بنێن. بێگومان کوردستان ناوچەی خۆی هەیە وەک فەلەستین نیە کە تەواو داگیرکرابێت و پرۆسەی پاکتاوکردنی نەتەوەیی لەوێدا هەر بەردەوامە. بەڵام کارنامەی حکومەتی ناوچەی کوردستان ڕاستت بوێت جوان و درەوشاوە نییە. کێشەکی تر ئاراستەی سیاسی و بەرنامەی سیاسی و ئایدۆلۆژیی

سەرکردایەتیی گەلی کوردە، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو هێزە ناسیۆنالیستانەدا نییە کە پێشتر یان دواتر گەیشتونەتە دەسەڵات. بەکورتی ئەوەی کە سەرکردەکانی گەلی کورد شانازی پێوە دەکەن کە بوون بە برغو و سەمونەی ڕژێمی ئیمپریالیستی. بەڕاشکاوی ئەمە دەڵێن. هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تریان پێ نییە و نایانەوێت بشبێت. شانازی بەوەوە دەکەن کە بە پێچەوانەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە میدیای ئازادی گشتییان هەیە(ماسمیدیای ئازاد). بەڵام ئەگەر سەیری بارودۆخی کورستان بکەین ئەوا دەبینین لە بیست ساڵی دواییندا، کوشتنی ڕۆژنامەنوسەکان و خنکاندنی هەموو دەنگێکی ڕەخنەگرانە لەسەر ئاستێکی فراواندا جێبەجێ کراوە. سەیری هەر جومگەیەکی بکەین پێشکەوتن نابینین. زۆرێک دەڵێن کوردستانی عێراق فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەیە. ڕێگاوبان خۆشکراوە. پڕبووە لە مۆڵ و باڵەخانە. یان بۆ نمونە لە ناوچە شاخاوییەکاندا شوێنی تایبەتیان بۆ گەشتیارە ناوەکی و دەرەکییەکان درووستکردووە. بەڵام کاتێک سەیری خەلکی کورستان بکەیت، سەرەڕای ئەم هەمووە سەروەت و سامانە نەوتییە، دەبینیت کە دەستەوەدامێنی ئابوورییەکی وێرانی جووتیارییین و ئابوورییەکی شاری و پیشەسازییانە کە بتوانێت بارودۆخی ئابووری باشتر بکات و هەلی کار بڕەخسێنێت و ... هتد بوونی نییە. بەڕای من کوردستانی سەربەخۆ داهاتوویەکی درەوشاوەی نییە و ئەمەش بە هۆی کۆمەڵانی خەڵکەوە نییە بەڵکو بە هۆی جەوهەری هەرەمی سەرکردایەتیی ناسیۆنالیستی و ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستییەوەیە.

**کەواتە وەک هەموو شوێنێکی دونیا، ڕێگەچارەی خەڵک شۆڕشکردنە. شۆڕشی سۆسیالیستی و دروستکردنی دەوڵەتی سۆسیالیستی. شتێک کە لە ئێستادا وەک جاران مۆد نییە. بە ڕای تۆ لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا شۆڕشێکی لەو جۆرە تا چەند لەڕووی ماتریاڵییەوە لەبارە و چەنێک پۆتانشیێڵ و ماتەوزە لە ئارادایە؟ تا چەن دەشێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین لە هەناوی وێرانەی بزوتنەوەی چەپ لە کورستاندا هێزێکی کۆمۆنیستیی [نوێ][2] بتوانێت سەردەربێنێت؟**

هەنوکە لە عێراقدا فەزاکە لە دەستی ڕەوتە فەندەمێنتاڵە ئیسلامییەکان و هێزە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشوری و سەرکردە عەشایەرەکانی عەرەبدایە. ئەمانە دروستکردنی جولانەوەیان لەبەردەستدایە، جگە لە ئاوارتە(استثناء)یەک کە ئەویش ناوچەیەکە لە کوردستانی سوریا، کە هێزی ڕێبەراتیکردنی لەگەڵ عەشایەرەکان و ڕەوتە ئیسلامییەکاندا جیاوازە. ئەو ڕێگەی کە هەموو ناوچەکە بەرەو ڕووی دەڕوات لە چوارچێوەی

---

[2]. زیادکراوی وەرگێڕ

سەرمایەداریی قەیراناویدایە. بێگومان هێزە سەرمایەدارەکان خۆشیان لە پشێویدان و ناکۆکییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و هەروەها سەروکاریان هەیە لەگەڵ هەموو ناکۆکییەکانی ناوچەکەدا. من لەم فەزادا، شتێک کە بتوانین پێی بڵێین شۆڕش نایبینم، واتە شۆڕشێک کە هێزە کۆمۆنیستەکان سەرکردایەتی بکەن نیە. ڕاستە کە شۆڕش تەنیا ڕێگەیەکە بتوانێت کوردستان و ناوچەکە لەم قەیرانە بهێنێتە دەرەوە. لە ڕووی مێژووییەوە لە هەموو کاتێک ڕوونترە کە جگە لەم شۆڕشە هیچ ڕێگەچارەیەکی تر بوونی نییە. بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ئەوا بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی کە بتوانێت ئەم ئەرکە قورسە ڕاپەڕێنێت لە ناوچەکەدا بوونی نیە. زۆرتر لەبەر گەڕانەوەی سەرمایەداری بۆ ڕووسیا و و دواجار بۆ چینیش و هەروەها ئەزموونی ئەم شکستانە، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ناوچەکە لە بێهۆشی و نەبوونی ئەکتی داهێنەرانەدا دەژی. وەرگرتنی دەرس لەم ڕابردووە بوونی نیە و ناتوانێت خۆی نوێکاتەوە و خۆی درووست بکاتەوە. ئەمە سەبارەت بە هەموو بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکانی ناوچەکە ڕاستە و تایبەت نیە بە کوردستان. بەدرێژایی ئەم ماوە لە هەموو شوێنێکدا هێزی بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان لە پاشەکشە و بۆگەڕانەوەدا بوون. بەڵام ئەو بارودۆخی کە دەیبین هاوکات باشترین هەلومەرجیشە. ئێمە لە دۆخی پشێوی و بێسەرەوبەرەیی جدی لە سیستەمی ئیمپریالیستی و سیستەمی دەوڵەتی [واتە دەوڵەت-نەتەوە] کە لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە درووستیانکردووە دەژین. ئێستا هەلومەرجێک هاتۆتە پێش کە دەشێت ئەم سیستەمە هەڵبوەشێنرێتەوە. بەڵام ئەم ئیشە بەبێ ئاراستەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی ڕاست هەرگیز سەرناگرێت.

**کەواتە هیچ ئومێدێک بوونی نییە؛ واتە نابێت هیچیش بکرێت؛**

بۆ نا، پرسی پەیرەو و پرۆگرام سیاسی هەمیشە جدی بووە بەڵام بە گوێرەی هەلومەرجی مێژوویی سی چل ساڵی ڕابردوو یەکلاکەرەوە بووە. ئەوە ڕوونە کە بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە، ناتوانرێت شۆڕش بکرێت و، هەرچەندە مارکسیزم تیۆرییەکی لەو بابەتەیە بەڵام ئەوەش بەبێ نوێکردنەوە و سەنتێزی شۆڕشگێڕانەی سەرکەوتنەکان و شکستەکانی ڕابردوو دەستنادات. ئەمڕۆ ڕەگەزی زەینی (سوبێکتیڤ) لە ڕەگەزی بابەتی (ئۆبێکتیڤ) دواکەوتووە.

**لەم دۆخە خراپەدا، کەرەستە مەتریاڵییەکان یان پۆتانشیێڵەکانی شۆڕش لە کوێدایە؟**

ئەم دۆخە خراپە خۆی بەشێکە لە کۆڵەکە ماتریالی. واتە دۆخە خراپەکە هاواردەکات کە ***دەتوانم بە جۆرێکیتر بم***. دەکرێ بارودۆخەکە بگۆردرێت بۆ شتێک دژی ئەو بارودۆخەی کە هەنووکە فێندەمێنتاڵە ئیسلامییەکان و هێزە ئیمریالییەکان ئەکتی داهێنەرانەیان بە دەستەوەیە. بارودۆخ بە جۆرێکە کە بزاڤی کۆمۆنیستی دەتوانێت بیگۆڕێت، و زۆر بە باشیش دەتوانێت بیگۆڕێت. بێگومان بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی کە پەیڕەو و پرۆگرامێکی سیاسیی ڕاستەودرووستی هەبێت و بتوانێت لەم دۆخە تێبگات و بیگۆڕێت بۆ دژەکەی.

**ئایا پەیامێکی ترت پێیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت دونیا بگۆڕن بەڵام لە ڕووداوەکانی ئێستا و هەلومەرجە باڵادەستەکان و مەیدانبازیی هێزە جۆراوجۆرە کۆنەپارێزەکان و ئیمپریالییەکان حەپەساون؟**

ئەوەی دەتوانم بیڵێم سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا ئەوەیە کە <<یان ئەمە یان ئەوەیە>>. لەلایەک فەندەمێنتاڵی ئیسلامی و ئیمپریالیستەکان و لەلایەکی تر خەڵک و هێزە کۆمۆنیستییەکان و هەر هێزێکی تری ئازادیخواز کە دژی ئەو دوو جەمسەرە دژەخەڵکە بێت. ناوەند و ناوەڕاست بوونی نییە. ئەگەر هێزێکی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕی هەبێت و وابیر بکاتەوە کە دەشێت لە ناوەندا بێت دەبێت پرسیاریان لێ بکرێت: چ ئەزموونێکی مێژوویی هەیە کە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە؟ تاکەکان و هێزە بەئاگا و هۆشیارەکان دەبێت بەجدی بڕیار بدەن کە ئایا دەبن بە بەشێک لە بارودۆخە کارەساتاوییەکان و تێیدا لەقەفرتێ دەکەن یان دەستدەکەن بە ئەفراندنی دونیایەکی نوێ و کۆت و بەندەکانی دیلبوون دەپسێنن. کۆمۆنیستەکان و بزوتنەوە کۆمۆنیستییەکان دەتوانن لە کاتی درووستکردن و دووبارە بنیاتنانەوەدا، ڕەوتی مێژوو بگۆڕن. وەک **لە ڕابردوودا چەندین جار توانیان بیکەن**.

سەرچاوە:

**بڵاوکراوەی** (آتش)-www.ofros.com